**ســەرۆكایەتی ئە نجومەنی وەزیران**
**ژمارە : ٤٤٥٥ لە ٢٠١٦/١٠/٢٥**

## بــڕیاری
## ژمارە ( ٩٢ )ی ساڵی ٢٠١٦

**پشت بەستن بە ئەحكامی ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمواركراو ،و لەبەر ڕۆشنایی كۆنووسی كۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٦) لەبەرواری ٢٠١٦/١٠/١١ ، و دوا بەدوای بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٤٨) لە ڕێكەوتی ٢٠١٦/٥/٣١ ، و پشتبەست بەحوكمی ماددە (٢١) لە یاسای مافی دەسكەوتنی زانیاری لە هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٣ ، و بە مەبەستی ئاسان جێبەجێكردنی ئەحكامەكانی یاسای ئاماژە پێدراو ، و لە پێناوی گەیشتنی هاووڵاتیان بە زانیارییە ڕاست و دروست بە شێوەیەكی ئاسان و تێچوویەكی كەم ، بڕیاردرا بە:-**

**١- پەسەندكردنی پڕۆژەی ( ڕێنمایی ئاسان جێبەجێكردنی یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٣ – یاسای مافی دەسكەوتنی زانیاری لە هەرێمی كوردستان – عێراق ) ئامادەكراو بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی مافی مرۆڤ لە هەرێمی كوردستان .**

**٢- ڕاسپاردنی لیژنەی داڕشتنی پڕۆژەی ڕێنمایی ناوبراو هاتوو لە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٤٨) لە ڕێكەوتی ٢٠١٦/٥/٣١ ، بۆ داڕشتنەوەی یاسایی ڕێنماییەكە بە ڕەچاوكردنی سەرنج و تێبینینەكانی ئەنجومەنی شووڕای هەرێمی كوردستان بە نووسراویان ژمارە (٢٠١٦/٢) لە ٢٠١٦/٩/٢٨.**

**٣- گشت وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەكان ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەكەن و ڕێنمایی ئاماژە پێدراویش لە دوای داڕشتنەوەی بەپێی بڕگەی (٢)ی سەرەوە لە ڕێكەوتی بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی كوردستان) جێبەجێ دەكرێت.**

**نێچیرڤان بارزانی**
**ســەرۆكی ئە نجومەنی وەزیران**